ژمارە ١٢
نیسانی ٢٠٠٨



# خەمۆکیی ژنان
## ڕێخۆشکەرێکی سێکس

نووسینی: محەمەد حامد
وەرگێرانی: حەمید سەعید

هەندێ لە لێکۆڵەرەوەکانی ئوستڕالی دەریانخستووە کە زۆربەی ئەو ژنانەی کە تووشبووی خەمۆکین پەنادەبنە بەر کاری سێکسی، زیاتر لەوانەی کە لە نەخۆشی خەمۆکی دوورن، بەشێوەیەکی گشتی ئینجا چ لەرێگەی یاسایی واتە ژن‌و مێردایەتی یاخود لەرێگەی نایاسایی، هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی کراوە سەبارەت بە ژنان لەشاری (ملبۆرنی ئوستڕالی)کە لە کۆنگرەیەکی تەندروستی عەقڵی (ژیری)نێودەوڵەتی پێشکەشکراوەو لە رۆژنامەی (سیدنی مورننج هیرالد)کورتەی باسی ئەو گۆنگریەی روونکردۆتەوەو دەڵێ: ئەو ژنانەی بەشێوەیەکی زۆر یان کەم بەدەست نەخۆشی خەمۆکی دەناڵێنن، سێ بەشی ئەوژنانە لەکاری سێکسی چالاکترن لەوانەی کە نەخۆشی خەمۆکیان نییە. هەروەها پزیشکێکی دەرونزانی لە زانکۆی (مۆناش) دەڵێ: ئەو ژنانەی کە نەخۆشی خەمۆکیان هەیە کاری سێکسی زۆر بە ئازادانەو لێزانی جێبەجێدەکەن، چ لەکاتی ماچکردن یاخود جووتبوون، ئەمەو (د. سابۆرا ئالن)ئەم توێژینەوەیەی کردووە لەسەر نزیکەی (١٠٧)ژنی تووشبووی نەخۆشی خەمۆکی‌و تووشنەبوو کردووە کە کاری سێکسی ئەنجامدەدەن، هەروەها د ئالن ئەمەشی روونکردۆتەوە کە ئەم کارە لای هەموو کەسێك ئاشکرایە، بەڵام جاری یەکەمە کە توێژینەوەیەکی زانستی لەم جۆرە ئەنجامبدرێت، هەروەها روونی کردۆتەوە کە ئەو ژنانەی کە خەمۆکن زیاتر بەدوای پەیداکردنی پەیوەندی دەگەرێن، رابواردن بۆ زیاتر هەستکردنە بەدڵخۆشی، چونکە ئەوانەی کە خەمۆکن لەپەیوەندیەکانیاندا زیاتر هەست بەدڵتەنگی دەکەن، وا دەزانن کە برادەرەکەیان گرنگیان پێنادەن‌و رێزیان لێناگرێن، جا بۆیە بۆ زیاتر هەستکردن بەدڵخۆشی پەنادەبەنە بەرکاری سێکسی، لە پرسیارێکدا (د. ئالن)وتی:"ئایا ئەمکارە دەبێتە چارەسەر بۆ ئەوکەسانەی کە خەمۆکین؟ لەوەڵامدا پزیشکێکی دەروونی وتی: ئێمەش نەگەیشتوینەتە ئەم راستییە، بەڵام دەڵێن یارمەتیدەرە بۆ دڵخۆشی‌و رێخۆشکەرە بۆ زیاتر هەستکردن بەئارامی دەروون، هەروەها تیمی لێکۆڵەرەوەکان دەریانخستووە کە ئەو ژنانەی کە مێردیان نییە و خەمۆکین‌و زیاتر ئارەزووی کاری سێکسی کاتیان هەیە لەوانەی کە خۆمۆکینین‌و مێردیان نییە، هەروەها د ئالن وتی: ئەو ژنە ئوستڕالیانەی کە مێردیان هەیە لەماوەی هەفتەیەکدا لە جارێك تا سێجار کاری سێکسی ئەنجامدەدەن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەفتانە ژنان تەنیا یەکجار سێکس دەکەن، بەڵام ئەو ژنانەی مێردیان نییە کەمتر تووشی کار سێکسی دەبن، ئەمە حاڵەتەش جیاوزی هەیە لەو پیاوانەی کە ژنیان نییە. هەروەها رۆژنامەی تەندروستی بەریتانی لە کۆنگرەی تەندروستی عەقڵی بۆ ژنان لە ملبۆرن چەند توێژینەوەیەکی نوێی سەبارەت بەنەخۆشیە دەروونیەکان پێشکەشکرد کە پەیوەندیان بەهۆرمۆنەکان هەیە، چەند توێژینەوەی نوێتر لە کۆنگرەکە پێشکەشکرا، دەرکەوتووە کە کاری سێکسی بەرێژەیەکی یەکجار زۆر هەیە لەنێوان ئەو ژنانەی کە هێشتا مێردیان نەکردووە، وتوشبوونە بەخەمۆکی پێش منالبوون لەلایەن ژنەکانی ئوستڕالی دەرکەوتووە کە لەباربردنی منالّ بەرێژەیەکی بەرچاو کەمتربووەو چارەسەرکردنی نەخۆشی (زهایمەر) پێشکەوتنی



بەخۆوەبینیوە.

### چەند زانیارییەك لەسەر نەخۆشی خەمۆك

خەمۆكی زاراوەیەكە كە بەكاردێت بۆ وەسفكردنی حاڵەتی نەخۆشی یان جگە لەنەخۆشی كە بەشێوەیەكی غەمویەژارە دەكەوێتە سەر روخساری مرۆڤ، خەمۆكی چەند جۆری هەیە بەگوێرەی درێژخایەنیو كەمخایەنی خەمەكە، هەندێجار ئەم خەمە كاریگەری دەبێت لەسەر ژیانی كۆمەڵایەتی تاكەكان، مرۆڤیش تاكە دروستكراونییە لەسەر زەوی كە تووشبووی خەمۆكی دەبێت، بەڵكو چەند لێكۆڵینەوە تاقیكردنەوە لە گیانەوەرەكانی تری وەك مشكو مەیمون كراوە، لەلای مرۆڤ رێژەی تووشبوون لە نەخۆشی خەمۆكی (٢٠٪) لە مێنەیە و(١٢٪)لەنێرینەیە، بەشێوەیەكی مانناوەندی، بەڵام بەشێوەیەكی زۆر كە پێیدەوترێت خەمۆكی گەورە رێژەی تووشبوون لە (٥٪)بۆ (١٠٪)لە مێنییەیە، و(٣٪)لەنێرینەدایە، ئەمەش رێژەیەكی زۆرە كەوا دەكات زیاترین رێژە بێت لە نەخۆشییە دەروونیەكان.

### هۆكانی تووشبوون بە نەخۆشی خەمۆكی

★بۆماوەیی لە خێزان كە گرنگترین هۆیە بۆ تووشبوون بەخەمۆكی، تاكو ئێستا هیچ زانیارییەك نەزانراوە، ئایا ئەم نەخۆشییە بەشێوەیەكی تێكەڵ یاخود لەرێگای كاری سێكسی دەگوزارێتەوە .

★كەموكوری لەو گوێزەرانەی كە پەیوەستن بە گواستنەوەی رێكخستنی ئەو كارانەی كە مێشك فەرمانی پێدەكات وە گرنگترین ئەو گوێزەرانەی كە ئەگەر كەمدەكات تووشی نەخۆشی خەمۆكی دەكات، ماددەی (سیروتونین)كە لەم دوایانەدا تیشكی خراوەتە سەرو چارەسەری بۆ دۆزراوەتەوە، بەدانانی دەرمانێك كە پەیوەستە بەزیادكردنی ئەم مادەیە.

★كاریگەری ئاڵۆزی دەرەكی، كە گرنگترینیان لەدەستدانی كەسێكی خۆشەویستە یاخود لەدەستدانی بوارێكی كۆمەڵایەتی یاخود ئابووری كەوا دەكات هەست بەتاوان بكات، لەئاكامی هەستكردن بەبەزاندنی یاسایەكی كۆمەڵایەتی یان ئاینی یا جیابوونەوە لەخۆشەویستو سۆزی خۆشەویستی، یان ژیان بردنە سەر لەگەڵ كەسێكی تووشیبوو بەنەخۆشی خەمۆكی، ئەم كاریگەریانە مرۆڤ تووشی خەمۆكی گەورە ناكات، تەنها ئەو كەسانەش تووشی دەبن، كە پێشینەیەكی خێزانی هەیە لە خەمۆكیو لە گوێزەرەوەكانی شانەكانی مێشكدا كەموكوری هەیە.

★ ماددە بێهۆشكەرەكانو هەندێ لەدەرمانەكان، خواردنەوەی ماددە بێهۆشكەرەكان كاریگەریەكی گرنگی هەیە لە بۆ تووشبوون بەخەمۆكی، لەكارە هەرە خراپەكانی مرۆڤ ئەوەیە كاتێك تووشی كێشەیەك دەبێت یان خۆشەویستێك لەدەستدەدات پەنادەباتە بەر خواردنەوەی ماددە بێهۆشكەرەكان بۆ دووركەوتنەوە لە ئاڵۆزیەكانی ژیانو دەربازبوون لەكارە دڵتەزێنەكان ئەم خواردنەوەیەش وادەكات كە هەندێ كارلێكی كیمیاوی لەسەر جگەرو پەیدابوونی هەندێ ئەو هۆكار بۆ تووشبوون بەنەخۆشی خەمۆكی دروستدەكات.

★ كاتی پاش منداڵبوون، سەبارەت بەدایكانەوە، ئەمەش بەهۆی هەڵچوونی ئەو هۆرمۆنانەی كە لەژگی ژنی سكپردایەو ئینجا وادەكات كە بەرێژەی (١٠٪) ژنان پاش منالبوون تووشی نەخۆشی خەمۆكی دەبن.

★ هەندێ لە نەخۆشیو ناخۆشییەكانی لاشەیی مرۆڤ وادەكات كە تووشی نەخۆشی خەمۆكی ببێت، ئەمەش لە ئەنجامی بێزاری لە نەخۆشیو بەكارهێنانی دەرمانو هەندێ لەنەخۆشییە شەرمەندەییەكان.

★نەمانی سۆز: وادەكات كە چۆڵییەك لەخودی مرۆڤ دروستبكات، ئەمەش دەكرێ چارەسەر بكرێت لەرێی هەندێ چالاكیو دانیشتن لەگەڵ هەندێ كەسی خۆشەویست، لەكاتێكدا كە ئەم سۆزو خۆشەویستیە لەناخی مرۆڤدا نەما وادەكات تووشی نەخۆشی خەمۆكی بێت، بەڵام بەنەمانی ئەمكارە نەخۆشی خەمۆكی لەناو دەچێتو چونكە نەخۆشییەكە كاتییە.

سەرچاوە: سایتی ئیلاف